# هەموو بێهۆشکەرێك حەرامە

ئەبی بوردە دەیگێڕێتەوە لە باوکیەوە ئەبی موسای ئەشعەری -ڕەزای خوای لێبێت- کە وتوویەتی: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەوی نارد بۆ یەمەن، ویرسیاری لێکرد سەبارەت بە هەندێك خواردنەوە کە لەوێ دروست دەکرێن، فەرمووی: «ئەو خواردنەوانە چین؟»، (ئەبو موسا) ووتی: «بیتع ومیزر»، ووترا بە ئەبی بوردە: بیتع چییە؟ ووتی: بیتع واتا مەی -شەرابی- هەنگوین، ومیزر واتا مەی جۆ، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «هەموو بێهۆشکەرێك حەرامە». [بوخاری گێڕاویەتیەوە]. و[موسلیم دەیگێڕێـتەوە]؛ کە (ئەبو موسا) دەڵێت: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ئەو وموعازی نارد بۆ یەمەن، ووتم: ئەی پێغەمبەری خودا! خواردنەوەیەك لە خاکەکەی ئێمە دروست دەکرێت پێی دەووترێت: -میزر- لە جۆ دروست دەکرێت، وخواردنەوەیەك پێی دەووترێت: -بیتع- لە هەنگوین دروست دەکرێت، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «هەموو بێهۆشکەرێك حەرامە». وله گێڕانەوەیەکی (مسلم)دا: فەرمووی: «هەر شتێك ببێتە هۆی بێهۆشبوون لە نوێژ؛ حەرامە». وله گێڕانەوەیەکدا: «وپێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ڕستەی پوخت وڕەوانی پێبەخشرابوو کە بەرامبەر لە هەموو مەبەستەکانی تێدەگات، وفەرمووی: نەهی دەکەم لە هەموو بێهۆشکەرێك کە ببێتە هۆی بێهۆشی لە نوێژ».

[سەحیح - ڕاست)] [رواه البخاري ومسلم)]

ئەبو موسای ئەشعەری -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوە دەکات کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەوی نارد بۆ یەمەن، ویرسیاری لێکرد دەربارەی ئەو خواردنەوانەی کە لەوێ دروست دەکرێن ئایا حەرامن، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- داوای ڕوونکردنەوەی کرد دەربارەیان. ئەبو موسا -ڕەزای خوای لێبێت- ووتی: ئەو خواردنەوانە بریتین لە (بیتع): شەرابی -مەی- هەنگوین، و (میزر): شەرابی جۆ. پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کە دەربڕینی ڕستەی پوخت وڕەوانی پێبەخشراوە؛ فەرمووی: «هەموو بێهۆشکەرێك حەرامە».

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/66536

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee